# وەزارەتی مافی مرۆڤ بە هاوکاری بۆردی راوێژکاری
# خولێکی بەهێزکردن بۆ 25 ئەفسەر دەکاتەوە






لەبەردەوامی کاروچالاکیەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمرۆ 2008/7/30 بە ئامادەبوونی بەرێز د.شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ و مامۆستا فائق جێگری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ و بەرێوبەرە گشتیەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، خولێکی بەهێزکردن بۆ توانای کارمەندانی بەرێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان و سەر بەوەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ لە هۆڵی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ کرایەوە کە وەزارەتی مافی مرۆڤ بەهاوکاری بۆردی راوێژکاری بۆ 25 ئەفسەری ئەو بەرێوبەرایەتیە کردیەوە. بۆ ماوەی (5) رۆژ بەردەوام دەبێت.

بابەتەکانی ئەم خولە:

ئاشنابوون بە بنەماکانی جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ و رێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان و جارنامەی بەرنگاربونەوەی تودندوتیژی دژی ژنان و پرەنسیپەکانی دادگایی دادپەروەرانە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژی لەرووی سایکۆلۆژییەوە، مافی ژنان و یاسای باری کەسیەتی عێراقی و هونەری لێکۆڵینەوە لە کێشەکان و بەرێوەبردنی ململانێ لەبواری توندوتیژی دژی ژنان و دروستبوونی ناکۆکی و چۆنیەتی چارەسەرکردن و ناوبژیوانی.